## یەکتا پەرەستی (تەك خودایی)

فره خوداییەکان یاخود ئەوانەی شەریك بۆ خودا دادەنێن، بەو بۆچوونه گەیبوون که خودا سەرەکیەکەی ئونیوێزام به دەرد و مەرگیان ڕاناگا. به پێی کات تاقمیك لەو لایەنگرانه هاتنه سەر ئەو باوەڕه که خودا سەرەکیەکەش دەتوانێ به هانای کێشه و دەردو ڕەنجیانەوه بێت. ئەو خودایه، یارمەتی به تاقەمێك دەکرد و کەسانیکیشی سزا دەدا. بڕێك له هەڵس و کەوتەکانی مرۆڤ به کەیفێ بوو و لەسەر چەند له هەڵس و کەوتەکانیتریان خۆی تووڕه دەکرد. چەند ناوچەیەکی به پیرۆز ناساندبوو و له چەند جێگایەکیش ناڕازی بوونی له خۆ نیشان دەدا. بەو شێوەیه ئایینی یەکتاپەرەستی پێك هاتن وەك خودای یۆنانییەکان، مۆنۆ "mono" له زمانی یۆنانیدا به مانای تەك و تێۆز "theos" به مانای خودایه. باوەڕداران چاوەڕوانی یارمەتیان له خودا مەزنەکەی ئونیوێرزام دەکرد له نەخۆشیەکان ڕزگاریان بکات و له شەڕەکاندا یارمەتیدەریان بێ.

یەکەم ئیدەی یەکتا پەرستنی له ساڵی ١٣٥٠ ی پێش زایین هاته سەر سەکۆی ژیانی مرۆڤ کاتی فەرعونی میسری ئیشناتۆن "Echnaton" خودای یۆنانیەکانی به مەزنترین خودای ئاسمان و زەوی و ئونیوێرزام به مرۆڤ ناساند. ئیشناتۆن ئەو کولتووره یۆنانیەی کرد به ئایینی سەرەکی وڵاتەکەی و هەوڵی دا فەرهەنگ و دابونەریتی خودا پێشوەکانی وڵاتەکەی تەوونا بکات. شوڕشه ئایینیەکەی له بنەڕەتەوه هەرەسی هێنا: دوای مردنی ئیشناتۆن کولتووری یۆنانی له لایەن چەند خوداییەکانەوه له گۆڕ نرا.

زۆربەی باوەڕه تەکخودایەکەنیتر هەوڵی ناساندنی خوداکەیان دەدا بەڵام هەر هەموویان کارتێکەرییەکی ئەوتۆیان لەسەر مرۆڤی ئەو سەردەمە دانەدەنا که چاوپۆشی له باوەڕی فره خودایی بکەن. بۆ وێنه یەهوودیەکان خودا و ئایینی یەکتا پەرەستیان به مەزنترین ئەرکی مرۆڤ دادەنا، کەچی ئەو باوەڕەش تەنیا لەناو نەتەوەی ئیسرائیلیدا مایەوه و کارتێکەرییەکی ئەوتۆی لەسەر مرۆڤ و کۆمەڵگاکانی دەوروبەری دانەنا.

سەرکەوتوویی تەك خودایی لەگەڵ ئایینی مەسیحی پێکهات. ئەو ئایینه وەك فیرقەیەکی نەهێنی یەهوودی هەوڵیان دەدا لایەنگرانی یەهوودی بێننه سەر ئەو باوەڕه که پێغەمبەرەکەیان مەسیح وەك ڕزگارکەری هەموو مرۆڤی سەر ئەم هەردە له لایەن خوداوه ناردراوه. یەك له سەرکردەکانی فیرقەکه به ناوی پاولۆس تارسوس "PaulusTarsus" ڕوونی کردەوه، کاتێ هێزی مەزنی ئونیوێرزام ئەو ڕەنجەی کێشاوه له لەشی مرۆڤدا خۆی نیشان بدا و بۆ ڕزگاری مرۆڤ خۆی له خاچ بدا، ئەوه کارێکه که پەیوەندی به هەموو مرۆڤێکەوه هەیه و نەك تەنیا به یەهوودیەکانەوه. بەو هۆیه بەڵێنیان دا که ئایینی مەسیحی له هەموو گۆشەیەکی ئەم جیهانه پەره پێ بدەن.

گوتەکانی پاولۆس کەوتبوونە سەر زەوییەکی پڕ بیت و بەرەکەت. مەسیحیەکان ئەو ئەرکەیان کردە ئەرکێك بۆ مرۆڤی هەموو جیهان و قوڵی خۆیان لێ هەڵکرد. لە مێژووی جیهاندا بۆ یەکەم جار فیرقەیەکی بچووکی یەهوودی توانی خۆی بەسەر زلهێزی جیهانی واتە ئیمپراتۆری ڕۆمییەکاندا وەك ئایینی فەرمی هەڵواسێ.

سەرکەوتوویی مەسیحیەکان بووە نموونەیەکی تەواو عەیار بۆ ئایینی تەك پەرەستی داهاتوو کە لە سەدەی حەوتەمدا لە نیمچەدوڕگەی عەرەبی سەری هەڵدا: ئایینی ئیسلام. هەر وەك ئایینی مەسیحی، ئایینی ئیسلامیش وەك فیرقەیەکی بچووك لە گۆشەیەکی دووری ئەم جیهانە سەری هەڵدا و لە ماوەیەکی زۆر کەمدا هەموو جیهانی داگرت. لەو سەردەمەوە ئایینە ئیبراهمییەکان واتە یەهوودی، مەسیحی و ئیسلام دەستیان بەسەر زۆربەی کۆمەڵگاکانی ئەم جیهانەدا داگرت.

لە ڕاستیدا ئایینی تەك خودایی بە هەڵسەنگاندن لەگەڵ ئایینی چەند خودایی، فناتیکتر و بەرتەسکتر بیر دەکەنەوە. ئەگەر ئایینێك خۆڕاگریی و تولەرانسی لەهەنبەر ئایینێکیتری پەنای خۆی نێشان دابایە، ئەوە بەو مانایە بوو کە خوداکەیان بەهێزترین خودای ئونیوێرزام نییە، یاخود خوداکانیتربەشێك لە هێزی دنیایان بەدەستەوەیە. بەو هۆیەی ئایینە تەك خوداییەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە خودای ڕاستەقینە تەنیا بە پتوونی پەیامی خۆی پێ داون، ناچار بە ڕەدکردنەوە و ڕاوەنانی خوداکانیتریان دەکرد. بە پێی کات و لە دوو هەزار ساڵی ڕابردووەوە ئایینە ئیبراهمیەکان بۆ لەناوبردن و تووناکردنی باوەڕەکانیتر لە هیچ چەشن چالاکیی، کارەسات و شەڕ و تووڕەییەك چاوپۆشییان نەکردووە و لە کارەکەشیاندا زۆر سەرکەوتوو بوون.

لە سەرەتای یەکەم سەدەی زایینی هیچ باوەڕێکی تەك خودایی هێزی نەگرتبوو. لە ساڵی 500ی زایینیەوە بەهۆی پشتیوانیی ئیمپراتۆریی ڕۆم خاچی کلیسا بۆ هەر لایەکی ئاسمان ڕاکێشرابوو. لە ساڵی هەزار بەولاوە زۆربەی مرۆڤی ئورووپا، ڕۆژئاوای ئاسیا و باکووری ئەفریقا ئایینی تەك خوداییان هەبوو و لە ئاتلانتیکەوە هەتا هیمالایا خودای تەك و تەنیا، بوو بە هاوڕێی هەمیشەیی مرۆڤ. لەگەڵ سەتپێکی سەدەی شازدە ئایینی تەك خودای زۆربەی ناوچەکانی قوڕنەی ئافریقا و ئاسیایان داگیر کرد.

لێرە بەولاوە ئێتر بەهۆی یارمەتی وەرگرتنی ڕاستەوخۆ لە خودای تاق و بەهێزی ئونیوێرزام، کەس پێویستی بە خوداکانیترەوە نەما و هەر هەموویان بە پێی کات لەناو چوون.

درێژەی هەیە...